# کاریگەریی هێرشە ئاسمانییەکان لەسەر نەرمە هێزی تورکیا لە هەرێمی کوردستان / پارێزگای سلێمانی وەک نموونە

هەڤاڵ ئازاد محی الدین*          عەدنان ئەحمەد فەتاح**

وشە کلیلییەکان: تورکیا، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، نەرمە هێز، هێرشە ئاسمانییەکان
https://doi.org/10.31271/jopss.10123

**پوختە**

تورکیا لە چەند دەیەی رابردوودا لە ئاستی نێودەوڵەتیی و هەرێمییدا، گرنگیی زۆری بە بەکارهێنانی نەرمە هێز (Soft Power) داوە ، بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان. تورکیا سودی لە بەشێک لە ئامراز و سەرچاوەکانی نەرمە هێز وەرگرتووە، لەوانەش جیۆپۆلەتیک، لایەنی مێژوویی، ئایینی، گەشتیاریی، بەهای سیاسیی، کەلتوری، میدیا و لایەنی مرۆیی. تورکیا لە چەند رێگەیەکەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی نەرمە هێزی خۆی لە هەرێمی کوردستان کرد. ئەو رێگایانەشی بەکاریهێنان بریتی بوون لە گەیاندنی هاوکاری مرۆیی، کردنەوەی خوێندنگا تورکییەکان، راکێشانی گەشتیاران، پێدانی هەلی خوێندن بە خوێندکارانی هەرێمی کوردستان، هەناردەکردنی دراما تورکییەکان و گرێبەستکردن لەگەڵ تەلەفیزیۆنە کوردییەکان، بەڵام ئەم فراوان بوونەی نەرمە هێزی تورکیا ڕوبەڕوی چەند ئاڵنگارییەکی گەورە بووەتەوە کە بریتین لە بۆردومانکردنکردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، هێرشە درۆنییەکان، گیانلەدەستدانی هاوڵاتیانی مەدەنی و هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ نێوخاکی هەرێمی کوردستان. هەموو ئەمانە کاریگەریی نەرێنی گەورەیان هەبووە لەسەر تێروانینی هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی بۆ تورکیا، کە نەرمە هێزی تورکیای لە سنورەکە لاوازکردووە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە ئایا تورکیا تا چەند توانیویەتی لە بەکارهێنانی نەرمە هێزی خۆی لە پارێزگای سلێمانی سەرکەوتوبێت، هاوکات هێرشە ئاسمانییەکان تاوەکو چەند کاریگەریان هەبووە لەسەر نەرمە هێزی تورکیا. لە توێژینەوەکەدا پشت بە میتۆتەکانی مێژوویی، وەسفیی و شیکاریی بەستراوە.

**ملخص**

**تأثير الضربات الجوية على القوة الناعمة التركية في إقليم كردستان/محافظة السليمانية نموذجا**

لقد اعتمدت الدولة التركية فى العقود الماضيه على القوة الناعمة في سياساتها على الساحة الدولية وكذلك الإقليمية، وبالأخص بعد وصول حزب العدالة والتنمية إلى الحكم قد بدأت تركيا بشكل أكبر في

* بەشی پەروەردەی هونەر - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی haval.mhedin@univsul.edu.iq

** ناوەندی کوردستان بۆ دۆکۆمێنت ولێکۆلینەوەی ئەکادیمی-زانکۆی سلێمانی adnan.fatah@univsul.edu.iq

استعمال الوسائل والطرق التي تدخل في دائرة القوة الناعمة مثل الموقع الجغرافي، والبعد التاريخي، والديني، والسياحي، والقيم السياسية، والثقافية، والإنسانية، كما استفدت في مشرعها هذا من المجال الإعلامي أيضا. قد بدأت تركيا بنشر قواها الناعمة في إقليم كردستان، وبالأخص في المحافظة السليمانية بطرق شتى منها المساعدات الإنسانية، وافتتاح المدارس التركية، وجلب السياح، وتقديم المنح الدراسية، كما استثمرت بشكل آخر في مجال المسلسلات التركية أيضا، لقد واجهت تركيا في سياستها هذا مشاكل متعددة وذلك بسبب الهجمات الجوية التي قامت بها الطائرات التركية على حدود إقليم كردستان وداخلها، فعلى إثر تلك الهجمات خلقت نظرة سلبية لدى المواطنين في محافظة السليمانية تجاه السياسات التركية الإقليمية. فالهدف من هذه الدراسة هو الإجابة على هذا السؤال الوحيد وهو: إلى أي مدى استطاعت تركيا أن تنجح في استعمال القوة الناعمة لنشر سياستها داخل محافظة السليمانية؟ فقد اعتمدنا في بحثنا هذا على المنهج التاريخي، الوصفي، التحليلي.

## Abstract

## The Impact of Air Strikes on Turkish Soft Power in the Kurdistan Region / Sulaymaniyah Province as an Example

In the last century, Turkey has made a significant effort in applying what is known as Soft Power, both internationally and regionally, especially during the ruling of The Justice and Development Party. Turkey has used certain means and resources of soft power, such as: geographical location, historical, religious, and touristic apects, political and cultural values, media and humanitarian aspect. Turkey has followed a number of ways to spread its soft power in Kurdistan region. The ways have been: delivering humanitarian support, opening Turkish schools, attracting tourists, providing further education opportunities for students from The Kurdistan region, exporting Turkish TV series and signing contracts with Kurdish TV channels. However, widening Turkey's soft power, this policy has faced certain challenges, amongst which are the bombarding of some areas of Kurdistan region, the drone strikes, causing the death of civil people, and surpassing the borders of Kurdistan region by the Turkish army. All of these have had a negative impact on the impression of citizens of Sulaimani province about Turkey, causing Turkey's soft power to be weak in the area. The main aim of this research is to answer the questions of: To what extent has Turkey been successful in using its soft power in Sulaimani province? To what extent have the airstrikes influenced Turkey's soft power? The research has been conducted using the historical, descriptive, and analytical methods.

# پێشەکی

لەم ساڵانەی دوایدا نەرمە هێز بووە بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی نێو زانستە سیاسی و مرۆڤایەتییەکان، وڵاتان لە چوارچێوەی ستراتیژ و پلانی خۆیاندا، بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەوەیاندا، گرنگییەکی زۆر بە ئاراستەکردن و جێبەجێکردنی نەرمە هێزی خۆیان دەدەن، بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان.

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر بەکارهێنانی نەرمە هێز و ئاراستەکردنی لەلایەن تورکیاوە لە سەردەمی دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا. نموونەی توێژینەوەکە پارێزگای سلێمانییە، کە تێیدا هەوڵدراوە وردەکارییەکانی سیاسەتی تورکیا لە بەکارهێنانی نەرمە هێز لەم ناوچەیە ڕوونبکرێتەوە. هاوکات باس لە ڕێگا، ئامراز و شێوازی ئەو سیاسەتە کراوە کە تورکیا لە ڕێگایانەوە نەرمە هێزی خۆی پێبەهێز کردووە و بەکاریهێناوە.

هاوکات باس لەو کێشە، گرفت، ڕێگری و ئاڵنگیریانە کراوە کەوا لەبەردەم نەرمە هێزی تورکیان لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی. کە دیارترینیان بریتییە لە سیاسەتی ئەمنی و سەربازی تورکیا، کە خۆی لە هێرشە ئاسمانییەکان و هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە.

لە توێژنیەوەکەدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە: ئەو سەرچاوە و ڕێگایانە چین تورکیا بۆ بەهێزکردن و بەکارهێنانی نەرمە هێزی خۆی لە پارێزگای سلێمانی بەکاریهێناون؟ هەروەها تورکیا تاوەکو چەند سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی نەرمە هێزی خۆی لە ناوچەکە و ئاراستەکردنی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی.؟ لەم هەوڵەشدا ڕووبەڕووی چی ئاڵنگارییەک بووەتەوە؟

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، توێژینەوەی کەم لەبارەی نەرمە هێزی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارێزگای سلێمانی کراوە، ئەمەش وا دەکات توێژینەوەکە ببێت بە یەکێک لە هەوڵە سەرەتاییەکان لەم بوارەدا.

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ئەو ئامراز و سەرچاوانەیە کە تورکیا لە فراوانکردنی نەرمە هێزی خۆی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارێزگای سلێمانی بەکاریاندەهێنێت. هاوکات پیشاندانی دەرئەجامەکانی بەکارهێنانی نەرمە هێزی تورکیا لە سنوورەکە، کاریگەری ئەم سیاسەتە لەسەر پێگەی تورکیا لە پارێزگای سلێمانی و پەیوەندییەکانی تورکیا و سنوورەکە. ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکە دەرخستنی ئاستی کاریگەریی هێرشە ئاسمانییەکانە لەسەر نەرمە هێزی تورکیا لە ناوچەکە.

گریمانەی تویژینەوەکە ئەوەیە؛ تورکیا توانیویەتی نەرمە هێزی خۆی لە ناوچەکە فراوان بکات، بەڵام هێرشە سەربازییەکان کێشەی گەورەی بەردەم نەرمە هێزەکەی بووە.

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کەمیی سەرچاوەی زانستییە لەبارەی نەرمە هێزی تورکیا لە

هەرێمی کوردستان و عێراق، هاوکات دەست نەگەیشتن بە هەندێک زانیاریی کە توێژینەوەکە بەهێزتر دەکەن، بۆ نموونە لە بواری گەشتیارییدا، ناوەندەکانی پێدانی ڤیزا، ئامادەنین هیچ زانیارییەک لەبارەی ژمارەی گەشتیاران بخەنەڕوو. گرفتێکی دیکەی توێژینەوەکە بەشنەکردنی ئامار و زانیارییە فەرمییەکانە لەبارەی هێرشە ئاسمانییەکان و دەرئەنجامەکانیانە لەگەڵ توێژەران لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە.

توێژینەوەکە لە سێ باس پێکهاتووە: لە باسی یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر لایەنی تیۆری هێز، نەرمە هێز، سەرچاوەکانی نەرمە هێز و بەکارهێنانی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری تورکیا. باسی دووەمیش تایبەتە بە ئاراستەکردن و جێبەجێکردنی نەرمە هێزی تورکیا لە سنوری پارێزگای سلێمانی. لە باسی سێیەمی توێژینەوەکەشدا تیشک خراوەتەسەر هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا و کاریگەری لەسەر نەرمە هێزی ئەو وڵاتە لە لای هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی.

لە توێژینەوەکەدا سود لە هەریەک لە میتۆدەکانی مێژوویی، وەسفیی و شیکاریی بینراوە. هەروەها ئامرازی ڕاپرسیش بۆ دەرخستنی کاریگەریی نەرمە هێزی تورکیا لەسەر هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی و کاریگەری هێرشە ئاسمانییەکان لەسەر ئەو نەرمە هێزە بەکارهێنراوە.

## باسی یەکەم

## سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی نەرمە هێز

### یەکەم- تێڕوانینێکی گشتی سەبارەت بە چەمکی هێز

چەمکی هێز جێگەی مشتومڕ و سەرنجی زۆرێک لە بیرمەندانی بواری زانستە مرۆییەکان بووە. ئەمەش زەمینەی ڕەخساندووە بۆ سەرهەڵدانی تێڕوانین و شیکردنەوەی جیاواز سەبارەت بە چەمکەکە. یەکێک لەو بیرمەندانە نیکۆلۆ میکیاڤیلییە کە هەوڵیداوە لە پەرتوکەکەی بەناوی (میر) لەسەر چەمکی هێز بدوێت. میکیاڤیلی پێی وایە هێز ئامانجێکە و میرێک بۆ ئەوەی لە میرێکی دیکە باڵادەستتر بێت، پێویستە زۆرترین سەرچاوەکانی هێز لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە.[1] میکیاڤیلی باس لە گرنگی هێز دەکات بۆ میر و پێی وایە ئەو میرەی خاوەنی هێزە، دەتوانێت بە ئاسانی بگات بە ئامانجەکانی. بۆ سەلماندنی گرنگی هێزیش بۆ میر ئاماژە بەوە دەکات، ئەو پەیامبەرانەی خاوەنی هێز و کەرەستەی جەنگی بوون توانیویانە ئاسانتر بگەن بە ئامانجەکانیان و دەسەڵات و پەیامی خۆیان بگەیەنن بە ناوچەیەکی فراوانتر. بە دەستەواژەیەکی دیکە، ئەو پەیامبەرانەی کە بەهێزبوون توانیویانە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی فراوانتر بکەن بەراورد بە لاوازەکان.[2] یەکێکی دیکە لەو بیرمەندانەی کە هەوڵی داوە باسی هێز و گرنگییەکەی بکات، فەیلەسوف و بیرمەندی سیاسی ئینگلیزی تۆماس هۆبز بووە. هۆبز لە سەردەمێکدا ژیاوە جەنگ و ململانێیەکی زۆری تێدا بووە.

---

[1] Tuba ÇAVUŞ, Dış Politikada Yumuşak Güç Kullanımı Türk Dış Politikası, Sakarya Üniversitesi, Yüksek Lisans Tezi, 2012, s. 6.

[2] نیکۆلۆ میکیاڤیللی، میر، وەرگێر، حسین عارف، چاپی چوارەم، سلێمانی، چاپخانەی کەنج، ٢٠١٥، ل ١٢١-١٢٥.

سروشتییە کە لە زۆر جێگای پەرتوکی (لیڤیاتان) گرنگی بە چەمکەکانی دەوڵەت، هێز و جەنگ بدات.[1] هۆبز پێی وایە کە مرۆڤ بە سروشتی لە ململانێیەکی بەردەوامدایە، هەر دەرئەنجامی ئەم ململانێیەیە کە هەمیشە سەرهەڵدانی جەنگ لە نێوان مرۆڤەکاندا چاوەڕوانکراوە و دۆخێکی سروشتییە.[2] بۆیە بە بۆچوونی هۆبز ئەوە هێزە دەتوانێت ڕێگری لە سەرهەڵدانی جەنگ بکات و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە خودی ئەو قەوارەیە بکات کە ئەو هێزە بونیادیناوە. بۆیە ڕێنمایی خەڵک دەکات یەکبگرن و بەیعەت بدەن بە لایەنێکی بەهێز، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاسایشی ناوخۆیان بۆ فەراهەم بکات و لە دوژمنی دەرەوە بیانپارێزێت. واتە هۆبز پێی وایە ئەرکی سەرەکی هێز، لە لایەک فەراهەمکردنی ئاسایشی ناوخۆ و لەلایەکی دیکەوە پاراستنی هاوڵاتییانە لە دوژمنی دەرەکیی.[3] یەکێکی دیکە لەو بیرمەندانەی باسی لە چەمکی هێز کردووە، مۆرگانساو( Morgenthau)، کە لە پەرتوکی (Politics Among Nations: The Struggle for Power and Peace)دا دەڵێت: "تەواوی سیاسەت ململانێی هێزە لەنێوان ئەکتەرەکاندا". پێیشی وایە کە ئەگەر چی دەرئەنجامی ململانێی نێوان ئەکتەرەکان جیاوازیش بێت، ناتوانرێت دان بەو ڕاستییەدا نەنرێت کە ئامانجی ڕەسەن و سەرەکی تەنها هێز بووە.[4] ئێدوارد هاڵت کار ( Edward Hallett Carr) پێی وایە کە هێز بنەمای سەرەکی و لەهەمان کاتدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە سیاسەتی دەوڵەتاندا.[5] زۆرینەی تیۆریستانی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە سیستمی نێودەوڵەتیی، سیستمێکی فەوزەوییە،[6] لە هەمان کاتدا دەوڵەتان ئەکتەرێکی گرنگن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستمی نێودەوڵەتیدا کە دۆخێکی سروشتییە ئەگەر دەوڵەتانی ناو ئەم سیستمە هەمیشە لە هەوڵی فەراهەمکردن و پێشخستنی هێزی خۆیان بن بە مەبەستی زامنکردنی ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی خۆیان. زۆرێک لە ئاراستەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە گرنگی تایبەتییەوە دەڕواننە هێز و پێشنیار دەکەن کە دەوڵەتان بەگرنگی زیاترەوە بڕواننە هێزی خۆیان و گەشەی پێبدەن. ئەگەرچی هەندێک لە ئاراستەکان ڕەنگە لە سروشتی هێزدا ناکۆکییان هەبێت وەک ڕیالیستەکان، ڕادیکاڵەکان و لیبراڵەکان.[7] بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین هێز بەوە پێناسە بکەین کە ئەو توانایەیە کە لایەنێک بتوانێت لایەنێکی دیکە ئاراستەی خواست و بەرژەوەندییەکانی

[1] برایان ڕێدهێد، ئەندێشەی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە بۆ ناتۆ، وەرگێر، فەرشید شەریفی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٦، ل، ١٨٧-١٨٨.

[2] Thomas Hobbes, LEVIATHAN, Çeviren, Semih Lim, 6. Baskı, Yapı Kredi Yayınları, 2007, İstanbul, s. 91-96.

[3] Thomas Hobbes, LEVIATHAN, Çeviren, Semih Lim, 6. Baskı, Yapı Kredi Yayınları, 2007, İstanbul, s. 121-125.

[4] Hans J. Morgenthau, POLITICS among NATIONS THE STRUGGLE FOR POWER AND PEACE, ALFRED A. KNOPE Publisher, New York, 1949, p.13-14.

[5] Arda Görkem Yatağan, SERT GÜÇ UNSURLARININ YUMUŞAK GÜÇ ARACI OLARAK ETKİLERİ. Kara Harp Okulu Bilim Dergisi, Cilt 28, Sayı(2), 2018, s. 70.

[6] BİLAL KARABULUT, Uluslararası İlişkiler Kavramlar-Teoriler-Kurumlar, Barış Kitabevi, Ankara, 2016, s. 8-9.

[7] کارێن أ. مینگست، ئیڤان م. ئاریگوین، بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێر، عومەر عەلی غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان ، ٢٠٢٢، ل، ٢٠١-٢٠٧.

خۆی بکات، ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی هەر یەک لە تواناکانی خۆی، وەک توانای مرۆیی و سروشتی.[1] لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لە دیارترین پێناسەکان بۆ چەمکی هێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، پێناسەکەی ڕۆبێرت داهلە (Robert A. Dahl) کە پێی وایە، هێز ئەو توانایەیە کە لایەنی یەکەم دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کاری پێبکاتە سەر لایەنی دووەم و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.[2] چەمکی هێز چەمکێکی فرە ڕەهەندە کە کۆمەڵێک بنەمای جێگیری وەک کەلتور، ژمارەی دانیشتوان، مێژوو، شوێنی جوگرافی و کۆمەڵێک بنەمای گۆڕاوی وەک ئابووری، تەکنەلۆجی لەخۆی دەگرێت و هەر ئەم بنەمایانەن دەبن بە سەرچاوەی هێزی هەر دەوڵەتێک کە دەکرێت شایەنی هەڵکشان و داکشان بن. چەمکی هێز بەشێوەیەکی گشتی پۆلێن دەکرێت بۆ هێزی ڕەق و هێزی نەرم. مەبەست لە هێزی ڕەق ئەوەیە کە کاتێک دەوڵەتێک لە ڕێگەی زۆرلێکردن و سزادانی دەوڵەتێکی دیکەوە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانی دەدات. بە دەربڕینێکی دیکە، بەکارهێنەری هێز بەبێ خواستی دەوڵەتی بەرامبەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی توندوتیژی، زۆرلێکردن و هەڕەشەکردن ڕەفتاری دەوڵەتی بەرامبەر بگۆڕێت. بەجۆرێک کە خزمەت بە ئامانج و خواستەکانی خۆی بکات. دەوڵەتان لە کاتی بەکارهێنانی هێزی ڕەقدا زیاتر پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی ڕێگای سەربازی و ئابووری، وەک ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی یاخود سەپاندنی سزای ئابووری، کە ئەم جۆرە لە بەکارهێنانی هێز، یەکێکە لە بەربڵاوترین جۆرەکانی هێز و بە درێژای مێژوو دەوڵەتان بەکاریان هێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی باڵادەستی، کۆنترۆڵکردنی خاکی زیاتر، پاراستنی هاوڵاتیان و بەرژەوەندییەکانیان.[3]

### دووەم- چەمکی نەرمە هێز

نەرمە هێز بریتییە لە ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی لایەنێک بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی، هەڕەشە و ئامرازی ناچارکەر کە بە ڕووی دووەمی هێز ناودەبرێت. وڵاتان لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەتوانن ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان لە ڕێگەی نەرمە هێزەوە بە دەستبهێنن کە وڵاتانی دیکە بەهۆی سەرسامبوون پێیان، شوێن پێی هەڵدەگرن و دەیانەوێت بگەن بە ئاستی ئەو. هەر بۆیە دەوڵەتان هەوڵدەدەن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بگەن بەو ئاستەی کە مایەی سەرنج و نمونە بن بۆ دەوڵەتانی دیکە. بەم شێوەیە بەبێ بەکارهێنانی هێزی ڕەق، وڵاتانی دیکە ناچار دەکات کە لە داڕشتنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتییاندا ڕەچاوی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی نمونە و خاوەن نەرمە هێز بکەن. لە سیستمی دیموکراسیدا نەرمە هێز بنەڕەتێکی نەگۆڕە بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئەکتەرانی دیکە، بە پێچەوانەی سیاسەت و سیستمی نادیموکراسی کە هێزی ڕەق، سزا و فشاری ئابووری بەکاردەهێنن بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، نەرمە هێز تەنیا کار لەسەر کاریگەری دروستکردن ناکات، بەڵکو جەختی زۆریش

---

[1] BİLAL KARABULUT, a.g.e., s. 352-353.

[2] Elif Merve DUMANKAYA, Uluslararası İlişkiler ve Güç Kavramı, TREND ANALİZİ, 2019, İstanbul, s. 5.

[3] Kürşad Emrah YILDIRIM & Ali YIŞDIRIM, TÜRKİYE'NİN YUMUŞAK GÜÇ SEMBOLLERİNDEN TÜRK İŞBİRLİĞİ KOORDİNASYON AJANSI VE YURTDIŞI TÜRKLER VE AKRABA TOPLULUKLAR BAŞKANLIĞI'NA GENEL BAKIŞ. Karadeniz Uluslararası Bilimsel Dergi, Cilt 33, Sayı (33), 2017, s. 204-205. 203-219.

دەخاتە سەر سەرنجڕاكێشانی ئەوانی دیكە كە ڕێگا خۆش دەكات ئەوانی دیكە شوێن پێی هەڵبگرن و پەیوەستبن پێوەی.[1] جۆزێف نای سەبارەت بە ڕەگەزە بنچینەییەكانی نەرمە هێز پێی وایە كە هەریەك لە بەهای سیاسی، مێژوو، كەلتوور، دیبلۆماسیەت و دامەزراوەی دیموكراسی لە گرنگترین ڕەگەزەكانی نەرمە هێزی هەر دەوڵەتێكن كە دەكرێت سودیان لێوەربگیرێت.[2]

## سێیەم- نەرمە هێز لە سیاسەتی دەرەوەی توركیا

### ١- بەكارهێنانی نەرمە هێز لە سیاسەتی دەرەوەی توركیا

هەر دەوڵەتێك خاوەنی كۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگە، تا بتوانێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا وەك نەرمە هێز بەكاریانبهێنێت. توركیاش یەكێكە لەو دەوڵەتانەی كە خاوەنی چەندین سەرچاوەی گرنگی نەرمە هیزە، ئەگەر هەلی بەكارهێنانی بۆ بڕەخسێت، ئەوا دەتوانێت بەرژەوەندییەكان و ئامانجەكانی لە دەرەوەی سنورەكانی خۆی فەراهەمبكات، بەڵام توركیا وەك پێویست نەیتوانیوە سود لەم سەرچاوانە وەربگرێت. هۆكاری ئەم سود وەرنەگرتنەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك فاكتەری ناوخۆیی، هەرێمیی و نێودەوڵەتیی. [٣]

توركیا بە درێژای جەنگی سارد لە سیاسەتی دەرەوەیدا ناچار بووە سیاسەت و بەرژەوەندییەكانی ڕۆژئاوا بەهەند وەربگرێت و لەو چوارچێوەیەدا سیاسەتی دەرەوەی خۆی دابڕێژێتەوە. ئەمەش بژاردەكانی بەردەم توركیای سنوردار كردبوو لە سیاسەتی دەرەوەیدا، بەڵام هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت، دەرفەتی ئەوەی بە توركیا دا كە بتوانێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا لە چوارچێوەی ڕۆژئاوا تا ئاستێك بێتە دەرەوە. واتە لەگەڵ ڕۆژئاوا گرنگیش بدات بە وڵاتانی دیكەی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[4] دوای جەنگی سارد تورگوت ئۆزاڵ دەیگوت، چیدیكە توركیا ناتوانێت وەك پاشكۆیەكی ڕۆژئاوا سیاسەتی دەرەوەی خۆی دابڕێژێت، بەڵكو هەوڵدەدات بژاردەكانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی فراوان بكات و ببێت بە ئەكتەرێكی چالاك و كاریگەر بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. واتە لە بری ڕۆڵی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی ڕۆژئاوا، دەتوانێت ڕۆڵی چاودێریكردن و دەستوەردانی هەبێت لە ناوچەكەدا.[5] لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٢، سیاسەتی دەرەوەی توركیا گۆڕانكاری ڕیشەیی بەسەرداهات، كە كاریگەری دیاری هەبوو لەسەر

---

[1] جوزيف س. ناي، القوة الناعمة وسيلة النجاح في السياسة الدولية، نقلة الى العربية، محمد توفيق البجيرمى، الطبعة العربية الاولى ، الرياض، ٢٠٠٧، ل، ٢٤-٢٦.

[2] مصدر صابق، ص، ٦٠. جوزيف س. ناي ، نقلة الى العربية، محمد توفيق البجيرمى،

[3] Meliha Benli Altunisik, 26,12,2022, Uluslararası İlişkilerde Türkiye'nin Yumuşak Gücü, https://www.uikpanorama.com/blog/2022/12/26/mba/, Erişim Tarihi, 22,12,2023.

[4] Baskın Oran, (Editör), Türk Dış Politikası Kuruluş Savaşından Bugüne Olgular, Belgeler, Yorumlar (Cilt 2 . 1980-2001), İletişim Yayınları, İstanbul, 2001, s. 232. Ve Gassim İbrahim, TÜRK DIŞ POLİTİKASINDA AFRİKA: TÜRKİYE-KAMERUN İLİŞKİLERİ ÖRNEĞİ, FATİH SULTAN MEHMET VAKIF ÜNİVERSİTESİ SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ TARİH ANABİLİM DALI, Yüksek Lisans tezi, 2016, s. 25.

[5] عیماد الزمیری، توركیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێر، شاناز ڕەمزی هیرانی، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپەمەنی گەنج، ٢٠١٥، ل، ٨-١١.

ستراتیجی نەرمە هێز لە لایەن تورکیاوە. تورکیا لەم قۆناغەدا هەوڵدەدات لە سیاسەتی دەرەوەیدا سود لە بژاردەی جیاواز وەربگرێت و بەکاریانبهێنێت بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵیداوە هەر یەک لە بنەماکانی نەتەوە، ئایین، دیموکراسی و بەها جیهانییەکان لە سیاسەتی دەرەوەیدا پەیڕەوبکات. لەم ڕوانگەیەوە لەگەڵ وڵاتانی وەک بۆسنەوهەرسک، فەلەستین، فاس بنەمای ئاینی، لەگەڵ دەوڵەتانی تورک زمان و کەمینە تورکەکان بنەمای نەتەوە و زمان، لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بنەما دیموکراسییەکان، لەگەڵ وڵاتانی وەک ئەمریکا، ڕوسیا، چین و بەریتانیا بنەمای ناسنامە و بەها جیهانییەکان بەکاردەهێنێت.[1] وەک ئەحمەد داوئۆغلۆ وەزیری دەرەوە و سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا دەڵێت، تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕۆژئاواییە و لەگەڵ ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتییە.[2]

سەرەڕای پاراستنی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا، تورکیا هەوڵیداوە پرۆژەی سفر کێشە لەگەڵ وڵاتان جێبەجێ بکات و وەک ناوبژیوانێکی هەرێمی ڕۆڵی هەبێت لە ناوچەکەدا.[3] تورکیا بۆ گەشتن بەم ئامانجە، لە هەوڵی ئەوەدا بووە قوڵایی مێژوویی و جیۆستراتیژی خۆی بەکاربهێنن بەمەبەستی گێڕانەوەی ڕۆڵی کارا و گرنگ، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی ئیسلامیدا.[4] دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی ئاکپارتی بڕیاربەدەستانی تورکیا ، لە هەرکاتێک زیاتر گرنگییان بە نەرمە هێز داوە لە سیاسەتی دەرەوەدا، تاوەکو سود لە هەموو سەرچاوەکانی نەرمە هێز وەربگرن و بەکاریانبهێنن.[5] لەم چوارچێوەدا ئەردوغان لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت: "ئێتر لە جیهاندا کاریگەرییەکان لەبری سوپا، تانک و چەک، بە هێزی ئابووری، کەلتوری و دیبلۆماسی دەپێورێن. ئێمە وەک تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر گرنگی بە نەرمە هێز دەدەین لە سیاسەتی دەرەوەماندا، هەوڵی تەواو دەدەین بۆ ئەوەی ئەو پاشخانە مێژوویی، کەلتوری و شارستانییەی کە هەمانە، بە باشترین شێواز لە سیاسەتی دەرەوەماندا بەکاربهێنین".[6] هەروەها ئیبراهیم کالن ئاماژە بە گرنگی نەرمە هێز دەکات بۆ تورکیا و پێی وایە "ئەوە نەرمە هێزی تورکیایە کە توانیویەتی ڕای گشتی جیهانی سەبارەت بە تورکیا و گەلی تورک بگۆڕێت".[7]

## ٢- سەرچاوەکانی نەرمە هێزی تورکیا

### ٢-١. مێژوو و کەلتور:

[1] Emirhan KAYA, Dış Politika Değişimi:AKP Dönemi Türk Dış Politikası, Karadeniz Sosyal Bilimler Dergisi Cilt 7, Sayı 12, 2015, s. 88., S.

[2] Hikmet Mengüaslan, TÜRK DIŞ POLİTİKASINDA ROL VE ÇATIŞMA: AKP DÖNEMİ ORTADOĞU POLİTİKASI ÜZERİNE BİR İNCELEME, ADNAN MENDERES ÜNİVERSİTESİ, Yüksek Lisans Tezi, 2016, s.102.

[3] Emirhan KAYA, a.g.m., s. 78.

[4] Hikmet Mengüaslan, a,g,t, s.102.

[5] Emirhan KAYA, a.g.m., s. 74.

[6] Tuba ÇAVUŞ, a.g.t, s. 62.

[7] İbrahim Kalın, Kamu Diplomasisi için mola, Sabah Sitesi, 27 Mart 2010, https://l24.im/D0vNEi, Erişim Tarihi,‹23\12\2023.

بەبۆچوونی (نای)، کەلتور و مێژوو لە گرنگترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نەرمە هێزن. دەوڵەمەندیی مێژوو و کەلتوری گەلانی تورکیا ئەو هەلەیان بەو وڵاتە بەخشیوە کە وەک سەرچاوەی نەرمە هیز بەکاریانبهێنێت.[1] تورکیا کە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە، لە بەشێک لە ناوچەکانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپا حوکمی کردووە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە.[2] بیروباوەڕ و زمان کە لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی کەلتوری هەر نەتەوەیەکن،[3] تورکیا توانیویەتی سود لەم دوو پێکهاتە گرنگەی کەلتور وەربگرێت و وەک نەرمە هێز بەکاریانبهێنێت. هەر بۆیە لە دوای ١١ ی ئەیلولی ٢٠٠١ و قوڵبوونەوەی هەستی توندوتیژی لەنیوان جیهانی مەسیحی لە دژی جیهانی ئیسلامی، بۆ ڕوونەدانی هەر بەریەککەوتنێک لەنێوان جیهانی مەسیحی و ئیسلامی، تورکیا بە هۆکاری دەوڵەمەندیی کەلتور و ئایین، هەلی لەبەردەمدا بووە ڕۆڵێکی دیبلۆماسی گرنگ بگێڕیت لە نێوان هەر دوو بەرەکەدا.[4]

### ٢-٢. جیۆپۆلەتیکی تورکیا

تورکیا لە نەخشەی سیاسی جیهانیدا پێگەیەکی گرنگ و بەهێزی هەیە. ئەمەش وایکردووە ڕۆڵی بەهێز بگێڕێت لە نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپا. واتە تورکیا خاڵی بەیەککگەیشتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی وەک ئەمریکا، ڕوسیا، چین و یەکێتی ئەوروپایە.[5] لە لایەکی دیکەوە خاڵی بەیەکگەشتنی جیهانی ڕۆژئاوایە بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی. ئەمەش ئەو دەرفەتەی بە تورکیا داوە کە ببێتە جێگەی سەرنجی وڵاتان. هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو ئەکتەرانی نێودەوڵەتی هەوڵیانداوە یان دەستبەسەر ئەم ناوچەیەدا بگرن، یاخود هاوپەیمانی لەگەڵ دروست بکەن. لەم چوارچێوەیەدا دەبینین تورکیا بەشداری پێکراوە لە چەندین هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گرنگ و ناکۆک، وەک هاوپەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ)،[6] هەروەها خواستی تورکیا بۆ بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی (BRICS).[٧] هەموو ئەمانە بواری ئەوە دەدەن بە تورکیا کە شوێنی جوگرافیاکەی وەک سەرچاوەی نەرمە هێز بەکاربهێنێت و بتوانێت کار بکاتە سەر ڕای گشتی سەبارەت بە ناو و ناوبانگی تورکیا، لە کۆتایشدا تورکیا ببێت بە خاوەنی وێنەیەک کە خۆی دەیەوێت لە سیاسەت و

[1] Gökhan KÖMÜR, Yumuşak Güç Unsuru Olarak Kamu Diplomasisi, İnternational Journal Of Politics and Security (IJPS), Cilt 2, Say 3, 2020, s. 110.

[2] ئەو وڵاتانەی کە عوسمانییەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، https://l24.im/aiPlTp0 ڕێکەوتی سەردان، ٢٠٢٣\١٢\٢٢.

[3] Abdulhaluk ÇAY, Türk kültürü ve Kaynakları, . (2014). Türk Kültürü ve Kaynakları. Ondokuz Mayis University Journal of Education Faculty, Cilt 1, Sayı 1, 2014, s. 49-66.

[4] Sait YILMAZ, Yumuşak Güç ve Evrimi, YIL, TURAN S TRATE J İK ARAŞ TIRMALAR MER KEZİ DERGİ S İ, Cilt 3, Sayı 12, 2011, s. 31.

[5] Mesut doğan, Türkiye’nin jeopolitiği, Uluslararası Yönetim Akademisi Dergisi, Cilt 5, Sayı 2, 2022, s. 322-323.

[6] Tuba ÇAVUŞ, a.g.t., s. 36.

[7] Ömer Faruk Doğan, 13,9,2024, Türkiye'nin BRICS'e üyelik başvurusu nasıl değerlendirilmeli?, Anadolu Ajansı Sitesi, https://l24.im/N7IUyzY , Erişim Tarihi, 2,10,2024.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.[1]

### ٢-٣. ئابووری

یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکانی نەرمە هێزی تورکیا لایەنی ئابوورییە. پێشکەوتنی ئابووری، زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەناردەی کاڵا بۆ وڵاتانی دیکە بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ هەڵکشانی نەرمە هێزی هەر وڵاتێک، چونکە وڵاتان لەم ڕێگەیەوە دەتوانن باشتر خۆیان بناسێنن و وێنەی خۆیان لەو وڵاتانەدا بەو جۆرە پیشان بدەن کە دەیانەوێت.[2] وڵاتان دەتوانن لە ڕێگەی هێزی ئابوورییەوە قەبارەی هاوکارییە دەرەکییەکانیان فراوانتر بکەن و کاریگەری لەسەر بۆچوون و ڕایگشتی دروستبکەن.[3]

لەو ڕوانگەیەی کە گەشەی ئابووری پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هەڵکشانی نەرمە هێزی هەر دەوڵەتێک، گەشەکردنی کەرتی ئابووری تورکیاش یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ بەهێزبوونی پێگەی تورکیا. کاریگەریشی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دیکە بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان. ئەمەش دەرفەتی ڕەخساندووە کە بەرهەم و کۆمپانیاکانی تورکیا بە ناوچەکەدا بڵاوببنەوە.[4] بۆ نمونە قەبارەی هەناردەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە کانونی دووەمی ٢٠٢٤ تاوەکو تشرینی یەکەم بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی ٢٠٢٣، لە ٥،٣٪ زیادی کردووە و گەشتووەتە ١٠ ملیار و ٨٠٠ ملیۆن دۆلار. ئەوە جگە لەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمپانیا تورکییەکان بە بەهای ٣٤ ملیار و ٩٠٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق کردووە.[٥] هەر بۆیە تورکیا هەوڵدەدات سود لە کەرتی ئابووری وەربگرێت و وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی نەرمە هێزی وڵاتەکەی، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت.

### ٢-٤- سیستمی حکومڕانی و بەهای سیاسی

بە بۆچوونی جۆزێف نای، شێوازی حکومڕانی و بەهای سیاسیش، لە گرنگترین ڕەگەزەکانی نەرمە هێزی هەر وڵاتێکە کە دەکرێت سودی لێببینێت.[6]

دەوڵەتان دەتوانن لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیستمێکی دیموکراسی و ڕەچاوکردنی یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لە سیاسەتی دەرەوەیدا، گەشە بە نەرمە هێزی خۆیان بدەن و وەک سەرچاوەیەکی

[1] Tuba ÇAVUŞ, a.g.t., s. 37-38.

[2] Tuba Çavuş, a.g.t., s. 43.

[3] Sema Kalaycıoğlu, Türkiye'nin Yumuşak ve Sertleşen Gücü, Türk Asya Stratijik Araştırma Merkezi, Yayın Tarihi, 2011, https://l24.im/p5Co9S2 ,Erişim Tarihi, 22,12,2023.

[4] Talha KÖSE, Türkiye'nin Kuzey Afrika ve Ortadoğu Bölgesindeki Gücü: Zorlayıcı Olmayan Gücün İmkân ve Sınırları, Uluslararası İlişkiler, Uluslararası İlişkiler Dergisi, Cilt 11, Sayı 41, 2014, s. 36.

[5] Bakan Bolat, ihracatçılar ve müteahhitlerle Irak'a gidiyor, TRT Haber Sitesi, 17\11\2024, Erişim Tarihi, 17\11\2024.

[6] مصدر صابق، ص، ٣٦. جوزيف س. ناي ، نقلة الى العربية، محمد توفيق البجيرمى،

گرنگ سودی لێوەربگرن.[1]

تورکیا خۆی وەک خاوەن ناسنامەیەکی سیکۆلار، سیستمێکی دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی موسوڵمان دەناسێنێت.[2] واتە تورکیا لە یەک کاتدا توانیویەتی چەندین ناسنامە لەخۆی بگرێت و هەوڵیداوە ئەم ناسنامە جیاوازانە لەگەڵ یەک بگونجێنێت. ئامانجی تورکیا ئەوەیە چاکسازی و بەرەوپێشچونەکانی بکات بە مۆدێلێکی چاولێکراو بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی.[3] لەگەڵ ئەوەیشدا نابێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکرێت کە بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا، تورکیا لە ڕووی ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤەوە، بەردەوام لە پاشەکشەدایە. ئەم پاشەکشەی تورکیا چەندین هۆکاری هەیە و دەکرێت لەمپەرێک بێت لەبەردەم تورکیا لە فراوانکردنی هەژمونی نەرمە هێزی خۆی، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان.[4]

### ٢-٥. دامەزراوەکان

جگە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نەرمە هێز، تورکیا هەوڵیداوە سود لە دیبلۆماسیی گشتی، میدیا، وەرزش، پەروەردە، ڕێکخراوی مەدەنی و حوکومی وەربگرێت و بەکاریانبهێنێت، تاکو بتوانێت کاریگەری و هەژمونی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەدا فراوان بکات. بۆ نمونە دامەزراندنی ئاژانسی ڕیکخستنی یەکێتی تورک (TİKA) لە ٢٥ کانونی یەکەمی ١٩٩١، کە ئامانج لێی هاوکاریکردن و دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمە بووە لەگەڵ وڵاتان.[5] دامەزراوەیەکی دیکە کە خزمەت بە نەرمە هێزی تورکیا دەکات، برتییە لە مانگی سووری تورکی (Kızılay) کە ئامانجی سەرەکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بوو بۆ برینداراانی جەنگ، بەڵام لە ئێستادا هاوکاری پێشکەش بەو لایەنانە بکات کە پێوستییان پێیەتی، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی دەکەونە نێو جەنگ و کارەساتە سروشتییەکان.[6] دامەزراوەی( یونس ئەمرە)ش، یەکێکی دیکەیە لەو دامەزراوانەی خزمەت بە نەرمە هێزی ئەو وڵاتە دەکات. لە ٥ ئایاری ٢٠٠٧ دا دامەزراوە و هەوڵدەدات زمان، کەلتور، مێژووی تورکیا بگەیەنێت بە دەرەوەی سنورەکانی خۆی و کارئاسانی بکات بۆ ئەو فێرخوازانەی کە دەیانەوێت ئاشنای کەلتور، مێژوو زمانی تورکی بن.[7] دامەزراوەی بەڕێوەبردنی قەیران و کارەساتی سروشتی (AFAD)یش یەکێکی دیکەیە لەو دەزگایانەی کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە فراوانکردن و جێبەجێکردنی نەرمە هێزی تورکیا. ئافاد لە ساڵی ٢٠٠٩ دا دامەزراوە. ئامانجی ئەم دامەزراوەیە کەمکردنەوەی زیانەکانی

---

[1] Onur Güven , a.g.t., s. 39.

[2] Fuat Keyman, Globalization, Modernity and DemocracyTurkish Foreign Policy 2009 and Beyond, Journal of International Affairs, Volume 15, Number 2, 2010, s. 10.

[3] Talha KÖSE, a.g.m., s. 44.

[4] Avrupa Birliği Komisyonu, Avrupa Parlamentosuna, Konseye, Avrupa Ekonomik ve Sosyal Komitesine ve Bölgeler Komitesine Sunulan Komisyon Bilgilendirmesi Brüksel , Yayin Tarihi, 8. 11. 2023, https://l24.im/uN8O0Pj ,Erişim Tarihi, 5,2,2024,

[5] TİKA Sitesi, ٤\١\٢٠٢٤ https://l24.im/Dn43x , Erişim Tarihi, 4,1,2024.

[6] Kizilay Sitesi, https://l24.im/lr4Vn9 , Erişim Tarihi, 5,1,2024.

[7] Yunus emre Sitesi, https://l24.im/ovqip , Erişim Tarihi, 5,1,2024.

ڕووداوە سروشتییەکان و ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی کارایە لەو ناوچانەی کە کارەساتی سروشتی تێیاندا ڕوودەدات. دامەزراوەکە جگە لە ناوخۆی تورکیا، وەک ڕێکخراوێکی جیهانیش هەوڵدەدات خزمەتگوزاری پێشکەش بە زۆرینەی وڵاتان بکات لەکاتی بوونی هەر ڕووداوێکی سروشتیدا. عێراق و هەرێمی کوردستانیش یەکێکن لەو لایەنانەی کە سودمەند بوون لە هاوکارییەکانی ئەم ڕێکخراوە.[1]
هەروەها سەرۆکایەتی تورکەکانی دەرەوە و کۆمەڵگا دۆستەکان (YTB)، یەکێکی دیکەیە لەو دامەزراوانەی کە ڕۆڵی کارای هەیە لە پیادەکردن و فراوانکردنی نەرمە هێزی تورکیا. ئەم دەزگایە لە ٦ نیسانی ٢٠١٠ دامەزراوە ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بەو هاوڵاتییە تورکانەی کە بەهەر هۆکارێک لە دەرەوەی سنورەکانی تورکیا دەژین. بە دەستەواژەیەکی دیکە هەوڵدەدات دووبارە مێژوو، کەلتور و هونەری تورکی بگەیەنێت بە هەموو ئەو تورک ڕەگەزانەی کە لەدەرەوەی سنورەکانی تورکیا دەژین. لە کۆتاییدا وەک دیاسپۆرایەک سودیان لێوەربگرێت. ئامانجێکی دیکەی دامەزراوەکە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە هەموو ئەو نەتەوانەی کە تورکیا بە دۆستیان دەزانێت. یەتەبە ساڵانە میوانداری زیاتر لە ٥٠٠٠ خوێندکاری نێودەوڵەتی دەکات بۆ درێژەدان بە خوێندنی بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا، لەگەڵ دابینکردنی گشت خزمەتگوزارییەکانی خوێندن بۆ خۆێندکارانی نێودەوڵەتی، وەک کردنەوەی کۆرسی تایبەت بە فێربوونی زمانی تورکی، بیمەی تەندروستی، شوێنی مانەوە و تەرخانکردنی کورسی خوێندن. هەروەها ئەنجامدانی چالاکی کەلتوری، مێژوویی و هونەری بۆ خوێندنکارانی نێودەوڵەتی.[2]

## باسی دووەم

## نەرمە هێزی تورکیا لە هەرێمی کوردستان / سلێمانی وەک نمونە

وڵاتان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە سیاسی، کەلتوری، جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت نەرمە هێزی خۆیانی تێدا بەکاربهێنن، ڕێگای جۆراوجۆر دەگرنەبەر. بۆ نمونە ئەو ئامرازانەی تورکیا بۆ بڵاوکردنەوەی نەرمە هێزی خۆی لە وڵاتانی کەنداو بەکاریاندەهێنێت، جیاوازە لەو ئامرازانەی کە لە هەرێمی کوردستان بەکاریاندەهێنێت. لەم چوارچێوەیەشدا تورکیا سود لە کۆمەڵێک ئامراز و ڕێگای جیاواز دەبینێت بۆ بەکارهێنانی نەرمە هێزی خۆی لە هەرێمی کوردستان. لە سلێمانیدا کە نمونەی ئەم توێژینەوەیە، تورکیا سودی لە چەند ئامراز و ڕێگایەک بۆ بەکارهێنانی نەرمە هێزی خۆی بینیوە، کە دیارترینیان بریتین لە هاوکاری مرۆیی، پەروەردە و خوێندن، گەشتیاری، هونەر و کەلتور.

### یەکەم- هاوکاری مرۆیی

کارەساتە سروشتی و مرۆییەکان لەو دەرفەتانەن کە لەلایەن وڵاتانەوە بەکاردەهێنرێن بۆ

---

[1] Afad Sitesi, https://l24.im/SYe2v0, Erişim Tarihi, 5,1,2024.
[2] Ytb Sitesi, https://l24.im/0vjQRH , Erişim Tarihi, 5,1,2024.

بەهێزکردنی پێگەی خۆیان و ڕاکێشانی سۆزی هاوڵاتیانی ناوچە کارەساتبارەکان، لە ڕێگەی ناردن و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ ئەو ناوچانە، کە دواتر دەبێت بە نەرمە هێز بۆیان. بۆ ئەم مەبەستە تورکیا لە چەند دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک ئاژانس، دەزگا و دامەزراوەی دروست کردووە، کە لەکاتی پێویستدا بەکاریاندەهێنێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەشێکن لە سنوری چالاکییەکانی ئەم ئاژانسانە. چەندین جار هاوکاری پێشکەش بە عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە بەتایبەتی لە دوای پەلاماری داعش بۆ ناوچەکە و ئاوارەبوونی دانیشتوان بۆهەرێمی کوردستان. ئاژانسەکان پرۆگرامی تایبەتیشیان هەیە بۆ هاوکاریکردنی کەسانی کەم دەرامەت لە بۆنە ئایینییەکاندا بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا.[1] بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هاوکارییەکانی ئەم دامەزراوانە زیاتر شارەکانی کەرکوک و هەولێری گرتوەتەوە و نەیانتوانیوە بەهەمان ئاست لە سنوری شاری سلێمانیدا هاوکاری پێشکەش بکەن.

تورکیا لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان لە سنوری پارێزگای سلێمانی، یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە زیانلێکەوتووان کردووە.

لە کاتی بومەلەرزە بەهێزەکەی ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ کە بە گوڕی ٧.٣ ڕوویدا و هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، مانگی سوری تورکی دەستبەجێ تیمی هەناردەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت سنوری سلێمانی کرد. هاوکارییەکانیش ڕەوانەی شارەکانی هەڵەبجە و دەربەندیخان کران. لە ماوەی پێنج ڕۆژدا زیاتر لە ٦٦ بارهەڵگر خۆراک و پێداویستی گەیەندرایە سنوری پارێزگای سلێمانی و دواتریش ژمارەکە بۆ ٥٠٠ بارهەڵگر بەرزکرایەوە. هەر لە ڕۆژانی سەرەتادا بەشی پێنج هەزار کەس خواردن دروستکرا. تەنیا لە یەک ڕۆژدا مانگی سوری تورکی بە هەماهەنگیی (کۆمەڵەی چاکەکاری) پاکێتی خواردنیان گەیاندە ٦٣٠ خێزانی هەڵەبجە. مانگی سور و (ئافاد)، سێ هەزار خێمە و گەرمکەرەوە، ١٤ هەزار بەتانی و ١٠ هەزار سێتی نوستنیان گەیاندە ناوچەکە.[2]

هەروەها لە مانگی ئایاری ٢٠١٥، مانگی سوری تورکی هاوکاریی گەیاندە ٣٠٠ خێزانی تورکمان و ئاوارە کە بەهۆی توندوتیژییەکانی ڕێکخراوی داعش ڕوویان کردبووە ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و هاوکارییەکانیش چەند مانگێک بەردەوام بوون.[3]

تورکیا بۆ ئەوەی ئاسانتر دەستی بە سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بگات، هەوڵیداوە لقی دامەزراوەکانی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٦ی تشرینی

[1] TİKA Sitesi, TİKA'nın Kuzey Irak'ta İnsani Yardım Faaliyetleri Devam Ediyor, Yayın Tarihi, 1\10\2014, https://l24.im/PLKCY,Erişim Tarihi, 4,1,2024. ve TRT Haber Sitesi, TİKA aracılığıyla Irak'ın tüm kesimlerine yardım götürüldü, Yayin Tarihi, 12\4\2018, https://l24.im/cYnJ , Erişim Tarihi, 4,1,2024.

[2] Yunus Keleş, Türk Kızılayı'ndan Süleymaniye'deki depremzedelere yardım, Anadol Ajansı Sitesi, 17\11\2017, https://l24.im/hwZ,Erişim Tarihi, 15,5,2024.

[3] TRT Haber Sitesi, Kızılay’ın Irak’taki Faaliyetleri Sürüyor, Yayın Tarihi, 21\5\2015, https://l24.im/PmWcY ,Erişim Tarihi, 15,5,2024.

یەکەمی ٢٠١٥، "بەئامانجی فراوانکردنی تواناکانیان و گەیاندنی هاوکاری بە کەسی زیاتر"، دووەم لقی عێراقی خۆی لە هەولێر کردەوە.[1]

**دووەم- پەروەردە و خوێندن**

یەکێک لە رێگە و ئامرازە هەرە سەرەکی و دیارەکانی تورکیا بۆ بەکارهێنانی نەرمە هێز لە سلێمانی بریتییە لە کەرتی پەروەردە و خوێندن. ئەمەشی بە دوو رێگە ئەنجامداوە، یەکەمیان برتییە لە کردنەوەی ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندن، لەوانەش کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ. رێگەی دووەمیش رەخساندنی دەرفەتی خوێندنە بۆ خوێندکارانی ئەم ناوچەیە لە قوتابخانە و زانکۆکانی تورکیا، ئەویش لە رێگەی چەند پرۆگرامێکەوە کە دیارترینیان بریتییە لە یەتەبە.

لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بزوتنەوەی خزمەت لە رێگەی کردنەوەی ناوەندە پەروەردەییەکانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی، لەم بوارەدا ڕۆڵی یەکەم و سەرەکی گێڕا.

سەرەتا پرۆسەکە لەنێو شاری سلێمانی بە کردنەوەی خوێندنگای سەڵاحەدین دەستپێکرد. لە ساڵانی دواتر و بەهۆی خواستی زۆرەوە، ژمارەی خوێندنگاکان زیاتر بوون، خوێنکاریان لە یەکی سەرەتایی تاوەکو ١٢ی ئامادەیی وەردەگرت. لە ساڵانی ڕابردووش جگە لە کردنەوەی زانکۆ، باخچەی ساوایانیش کرایەوە. پرۆسەی کردنەوەی ناوەندە پەروەردەییەکان سنوری سلێمانییان تێپەڕاند وساڵانی ڕابردوو لە پارێزگای هەڵەبجەش خوێندنگا کرانەوە. ئەم خوێندنگایانە بۆ کوڕان و کچان بوون و ژمارەیەکی زۆر خوێندکار لەم خوێندنگایانە دەرچوون. زۆربەی ئەو خوێندکارانەی لەم خوێندنگایانە دەیانخوێند توانییان بە ئاستی بەرز فێری زمانی تورکی بن و بە گشتیی هەموویان ئاشنای زمان، کەلتور، مێژووی تورکیا بوون، بە تایبەت کە مامۆستای ئەم قوتابخانانە هاوڵاتی تورکیا بوون.

پێش هەوڵی کودەتاکەی ٢٠١٦ی تورکیا، بەهۆی ئە ئاسانکارییەی بۆیان دەکرا بەشێک لەو خوێندکارانەی لەم خوێندنگایانە دەرچووبوون، ڕوویان لە زانکۆکانی تورکیا دەکرد.

حکومەتی تورکیا لە ئاراستەی دووەمدا لە رێگەی کۆمەڵێک پرۆگرامەوە، کاری لەسەر ئەوە کردووە خوێندکاری وڵاتانی جیهان بۆ خۆی ڕابکێشێت بە تایبەتی وڵاتانی تازە پێگەشتوو، کە خوێندکاری ئەو وڵاتانە بە دوای دەرفەرێکی لەم جۆرەدا دەگەڕێن، تورکیا توانیویەتی ئەو دەرفەتە لە بەرژەوەندی نەرمە هێزی خۆی بەکاربهێنێت. خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانیش توانیویانە سود لەو دەرفەتە وەربگرن. بە گوێرەی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣ تاوەکو ٢٠٢٤، ٦٧١ خوێندکاری هەرێمی کوردستان بۆ خوێندن لە تورکیا مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە.[2]

بە گوێرەی ئاماری سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان،

---

[1]Kızılay Sitesi, Türk Kızılayı Irak'ta İkinci Ofisi Açtı, Yayın Tarihi, 26\10\2015, https://l24.im/74Rfg, Erişim Tarihi, 15,5,2024.

[2] چاوپێکەوتن و سەردانیکردنی توێژەران بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕێکەوتی سەردان، ٢٠٢٤\٢\١٣.

له نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تاکو ٢٠٢٤، ٣١ خوێندکار بۆ خوێندن له تورکیا مۆڵەتی خوێندنیان له زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە. له ئێستاشدا (٢٠٢٤) ١٠ خوێندنکار بەردەوامن له خوێندن له زانکۆکانی تورکیا.[1] ئەمە جگە لەوەی ساڵانە دەیان خوێندکار بەبێ مۆڵەت بەمەبەستی خوێندن له زانکۆکانی تورکیا، ڕوو لەو وڵاتە دەکەن.

**سێیەم- لایەنی هونەری**

تورکیا لەو وڵاتانەی جیهانە کە هەوڵێکی بێوچان دەدات لە ڕێگەی میدیاوە کەلتوری خۆی بڵاوبکاتەوە. [2]

یەکێک لەو ڕێگە هەرە سەرەکییانەی تورکیا لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بۆ سەپاندن و بڵاوکردنەوەی نەرمە هێزی خۆی بەکاریهێناوە، بەرهەمهێنانی دراما و هەناردەکردنی بووە بۆ وڵاتانی دیکە. بۆ سەرکەوتن لەم کارەدا سەرچاوەیەکی گەورەی مرۆیی و مادیی بەکاردەهێنێت. ساڵانە ژمارەیەکی زۆر دراما هەناردەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست و دراوسێکانی دەکات کە یەکێک لەوانە هەرێمی کوردستانە.

تەلەڤیزۆنی کوردماکس یەکێک لە ناوەندە یەکەم و سەرەکییەکانی کڕین و بەکوردیکردنی دراما تورکییەکان بووە لە ڕێگەی گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان. ئەم کەناڵە بوو بە سەرچاوەی پێدانی دراما تورکییەکان بە بە بەشێک لە کەناڵەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە توانی ببێت بە گەورەترین لایەنی گرێبەستکار لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان. لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢ تاکو ٢٠٢٤، گرێبەستی بۆ کڕین و بڵاوکردنەوەی ٤٧ درامای تورکی کردووە.[3]

کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆر بینەری کورد لە دەوری دراما تورکییەکان، وای لە کەناڵەکانی دیکەشکرد دەست بە کڕین و بەکوردیکردنی دراما تورکییەکان بکەن. بۆ نمونە کەناڵەکانی وەک کوردسات، پەیام، سپێدە، ئێن ئارتی، نێت تیڤی، کورد ماکس شۆ و ئاڤا تیڤی زیاتر لە ٩٠ درامایان بەکوردی کردووە.[٤] تورکیا لە ڕێگەی ئەم درامانەوە دەیەوێت تێڕوانینی خەڵکی ئەم ناوچانە لەبارەی پێگە، مێژوو، کەلتورو سیاسەتی تورکیا بگۆڕێت و وەک ڕێگەیەک بۆ ناردنی پەیامەکانی بەکاربهێنێت.هەوڵەکانی تورکیا لەم بوارەدا بێئەنجام نەبووە و دراما تورکییەکان توانییان بینەرێکی زۆر لەم وڵاتانە بۆ خۆیان کۆبکەنەوە. بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییەی کە ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت کەوا تورکیا توانیویەتی لە ڕێگەی هونەر و میدیاوە کاریگەری لەسەر بینەران لە سنوری پارێزگای سلێمانی دابنێت و پەیامەکانی بگەیەنێت، وەک لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەدا دەردەکەوێت. لە کۆی ٢٠٨

[1] چاوپێکەوتن و سەردانیکردنی توێژەران بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، ڕێککەوتی سەردان، ٢٠٢٤\٢\٢٠.

[2] Onur Güven, a.g.t., s. 81.

[3] چاوپێکەوتن و سەردانیکردنی توێژەران بۆ بەڕێوبەرایەتی تەلەڤیزۆنی کوردماکس، ڕێککەوتی سەردان، ٢٠٢٤\٥\١٥.

[٤] هەژان هێرش، دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی کەنجان لە پارێزگای سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢، نامەی ماستەر، ل، ٤٨-٥٨. & چاوپێکەوتن و سەردانکردنی توێژەران بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەلەڤیزۆنی ئێن ئارتی، ڕێککەوتی سەردان، ٢٠٢٤\٦\٢٥.

بەشداربوو، لە ٪١٧،٨ زۆر و لە ٪٢٦،٤ تارادەیەک کەوتوونەتە ژێر کاریگەری دراما، کەلتور و هونەری تورکیا، بەڵام لە ٪٢١،٦ کەم و لە ٪٣٤،١ بەهیچ شێوەیەک نەکەوتوونەتە ژێرکاریگەری دراما، کەلتور و هونەری تورکیا.




**چوارەم- گەشتیاری**

تورکیا هاوشان لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکەی نەرمە هێز، چاوی لەوە بووە کە هاوڵاتیانی سنوری سلێمانی بۆ گەشتکردن ڕوو لە تورکیا بکەن. بۆ ئەمەش بە دوو ئاراستە کاری کردووە؛ لە ئاراستەی یەکەمدا لە ڕێگەی سەرچاوەکانی دیکەی نەرمە هێزەوە سەرنجی هاوڵاتیانی سنورەکەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و توانیویەتی وڵات، کەلتور، مێژوو و جوگرافیاکەی بە هاوڵاتیانی ئەم ناوچەیە بناسێنێت. لە ئاراستەی دووەمدا بۆ گەشتن بە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە و هەروەها گەشتنی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە تورکیا. لە ڕێگەی کۆمپانیای (AGE) فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دروستکرد. لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٥ دەست بە گەشتی ڕاستەوخۆ لە نێوان فرۆکەخانەی سلێمانی و ئیستەنبوڵ کرا.[1] تورکیا لە پێناو ئاسانکاری گەشتەکان، لقێکی بۆ پێدانی ڤیزای تورکیا لە سلێمانی کردەوە. گەشتەکانی نێوان سلێمانی و تورکیا بەردەوام بوون تاوەکو مانگی ئەیلولی ٢٠١٧. بە هۆکاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کە لەلایەن تورکیاوە ڕەتکرایەوە، تورکیا کایەی ئاسمانیی بەڕووی فرۆکەخانەی سلێمانیدا داخست.[2] دوای ئەوەی تورکیا کایەی ئاسمانی خۆی بەڕووی گەشتەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی کردەوە، گەشتەکان بەردەوام بوون تاکو ٣ نیسانی ٢٠٢٣ کە تورکیا جارێکی دیکە کایەی ئاسمانیی وڵاتەکەی بەڕووی فرۆکەخانەی سلێمانیدا داخست.[٣] دواتر و تاوەکو ئێستا چەند جارێک بڕیارەکە درێژ کراوەتەوە و تاوەکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە کایەی ئاسمانی تورکیا بە ڕوی فرۆکەخانەی سلێمانیدا نەکراوەتەوە.

---

[1] AGE Sitesi, https://shorturl.at/xjKuw , Erişim Tarihi, 5,6,2024.
[2] BBC NEWS TÜRKÇE Sitesi, Türkiye'den Süleymaniye'ye ve Erbil'e bütün uçuşlar iptal edildi, https://shorturl.at/TwIjm , Erişim Tarihi, 25,6,2024.
[3] Türkiye Dış İşleri Bakanlığı Sitesi, 6 Nisan 2023, https://shorturl.at/0gWa7 , Erişim Tarihi, 5,8,2024.

# باسی سێیەم

## کاریگەری هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا لەسەر نەرمە هێزەکەی لە پارێزگای سلێمانی

### یەکەم- مێژووی سەرهەڵدانی پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیا

پێشکەوتنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و بەکارهێنانی لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و جەنگەکان زۆربەی وڵاتان بیریان لە دروستکردن و پێشخستنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکانی تایبەت بە خۆیان کردەوە. یەکێک لەو وڵاتانەی کە پێشتر پشتی بە وڵاتانی دەرەوە دەبەست بۆ بەدەستهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان تورکیا بوو. بەڵام دواتر تورکیا هەنگاوی نا بۆ بوون بە خاوەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تایبەت بەخۆی، ئاماجی سەرەکیشی بریتی بوو لە سەربەخۆیی لە بواری پیشەسازی بەرگری سەربازیدا، چونکە پێشتر ئەو فڕۆکە بێفڕۆکانەی کە دەیکڕین بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا نەبوون.[١] تورکیا لە ساڵی ١٩٩٠ یەکەم هەنگاوی بۆ بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نا. لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم ئەنجامیان بەدەستهێنا و سیستەمی İHA-X1 Şahit (UAV-X1) بەرهەمهێنا.[٢] بەڵام پرۆژەی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ ئەو ئەنجامەی بەدەست نەهێنا کە تورکیا دەیەویست. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠ تورکیا یەکەم فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دروستکرد و تاقیکردەوە بە ناوی (ANKA). لە ماوەی سێ ساڵدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە چەندین جار تاقیکرایەوە و چەندجارێکیش کەوتە خوارەوە و تێکشکا. ساڵی ٢٠١٦ نەوەی نوێی (ANKA) بەرهەمهێنرا و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش بوو بە سەرەتای بەرهەمهێنانی چەند جۆرێکی دیکەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، لەوانەش زنجیرەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی (BAYRAKTAR) و (AKSUNGUR).[٣]

### دووەم- هێرشە کاریگەرەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا لە سنوری سلێمانی:

لەگەڵ ئەوەی تورکیا لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا هەوڵی داوە نەرمە هێزی خۆی لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەهێز و فراوان بکات، بەڵام هێرشی فڕۆکە جەنگی و بێفڕۆکەوانەکانی سوپای تورکیا لە چەند ساڵی ڕابردودا بە بیانوی هەبوونی هێزەکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، زیانی گەورەیان بە هەوڵەکانی ئەو وڵاتە لە بواری فراوانکردنی نەرمە هێزی خۆی داوە. زۆربەی هێرشە درۆنییەکانی تورکیا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، لە سنوری پارێزگای سلێمانی بووە. لەو هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی مەدەنی گیانیانلەدستدوە، گیانلەدەستدانی ئەو ژمارە لە خەڵکی مەدەنی کە بەشێکیان منداڵ بوون، کاریگەریی قورسیی لەسەر شێواندنی وێنەی تورکیا لە

---

[1] Anadolu Ajansı Sitesi, https://l24.im/1xA2abN, Erişim tarihi, 26,9,2024. Ve Sertaç Akson, 3,3,2020, Türkiye'nin Gökyüzündeki Başarı İmzası; Yerli İHA ve SİHA'lar, TRT haber sitesi, https://l24.im/isvEL, Erişim Tarihi, 26,9,2024.

[2] Selma GÖKTÜRK ÇETİNKAYA, Murat KOÇ, mart, 2023, Türkiye'nin İnsansız Hava Araçları Serüveni. Anadolu Strateji Dergisi, 5(1), 1-27.

[3] TÜRK HAVA KURUMU Sitesi, https://tls.tc/46lt0 , Erişim Tarihi, 26,9,2024.

ناوچەکەدا هەبووە.[1] بەجۆرێک لە ١ کانوونی دووەمی ١٩٩٠ تاوەکو ئێستا ٧١١ هاووڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هێرش و لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا بونەتە قوربانی، لەو ژمارەیە ١١٩ کەسیان لە سنوری پارێزگای سلێمانی بوون، کە بریتیە لە ٥٦ گیانلەدەستدان و ٦٣ بریندار. لە ساڵی ٢٠٢٤ دا ٢١ هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بوونەتە قوربانی ئۆپراسیۆن و هێرشکانی سوپای تورکیا، کە بریتین لە ١٧ گیانلەدەستدان و ٤ بریندار، لەو ژمارەیەش ٦ گیانلەدەستدان و برینداریکیان لە سنوری پارێزگای سلێمانی بوون. لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ تاوەکو ئێستا سوپای تورکیا ٨٨٤ هێرش و بۆردومانی بۆ سەرسنوری ئیداری پارێزگای سلێمانی ئەنجامداوە، زۆربەی هێرشەکانیش لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگییەوە بووە. هێرشی درۆنیش لە پلەی دووەمی هێرشەکان دێت.[2]

لە ساڵانی بەر لە پێشخستنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگییەکانەوە هێرشە ئاسمانییەکانی لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا ئەنجام دەدا. ئەویش بە بەکارهێنانی فڕۆکەی (F16). لەگەڵ بەدەستهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جۆری پێشکەوتوو، تورکیا هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی فڕۆکە جەنگییەکانی لە هێرشەکاندا بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی دەستپێکرد، بەجۆرێک لە ئێستادا بەشێکی دیاری هێرشەکانی لە ڕێگەی ئەم فڕۆکانەوە ئەنجام دەدات. هاوکات مەودای هێرشەکانی بۆ قوڵاییەکی زیاتری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەست پێکردووە، بەجۆرێک کە دەتوانێت بگات بە دورترین خاڵ لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت هێرشەکانیشی گەیاندۆتە ئاستی سەنتەری شار و قەزاکانی هەرێمی کوردستان.[3] بۆ نمونە ئەو هێرشە درۆنییەی کە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ لە سنوری قەزای کەلار ئەنجامدرا کەوا ٢٧٥ کیلۆمەتر لە سنوری تورکیاوە دوربوو. لە هێرشەکەدا کە کرایە سەر ئۆتۆمبیلێکی جۆری جێپ چوار کەس گیانیان لە دەستدا.[4] دیارترین ئەو هێرشانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا ئەنجام دران و زیانی گیانیان لێکوتەوە بریتین لەمانەی خوارەوە کە بەشێک لە قوربانییەکان وەک هاوڵاتی مەدەنی هەژمار نەکراون.

لە ٢٥ حوزەیرانی ٢٠٢٠ لە کونە ماسی هێرشێک ئەنجامدرا کەسێک گیانی لەدەستدا و ٦ کەسیش بریندارببوون.[5]

لە نۆی ئابی ٢٠٢٣ لە ڕێگای نێوان دوکان خەلیفان هیرشێک ئەنجام درا گیان لەدەستدانێک و

---

[1] سایتی دەنگی ئەمریکا، https://tls.tc/9DuHF ٢٠٢٤\١٠\١٢،بەرواری سەردان،

[2] ئەمریکی، ٢٠٢٤\١٠\١٠. (CPT)چاوپێکەوتن لەگەڵ (کامەران عوسمان)، لئەندامی تیمی کوردستانی عێراقی ڕێکخراوی

[3] ڕاپۆرتی تیمی کوردستانی عێراقی ڕێکخراوی سی پی تی قوربانییانی مەدەنی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران لە باکوری عێراق، کانوونی دووەمی ١٩٩١- حوزەیرانی ئابی ٢٠٢٤ Kurdish+-+Civilian+Casualty+Report+-+No+names+-+compressed.pdf بەرواری سەردان ٢٠٢٤\١٠\١٢.

[4] NTV sitesi, https://tls.tc/h0Jv3 , erişim Tarihi, 2,10,2024.

[5] سایتی وێستگە نیوز، https://tls.tc/13P8N ، بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\١٠\١٢.

دوو بریندارى لێکەوتەوە .[١]

لە ١١ ئابی ٢٠٢٣ لە قەزای پێنجوێن ٣هێرشێک ئەنجامدرا کە سێ کەس گیانیان لە دەست دا کە دوانیان باوکو کچێک بوون.[٢]

لە دووی ئەیلولی ٢٠٢٣ نزیک گوندی کانی میران لە قەزای پێنجوێن هێرشکرایە سەر ئۆتۆمبێلێک و کەسێک گیانی لەدەست و دوو کەسێکیش بریندار بوو.[٣]

لە ١٨ئەیلولی ٢٠٢٣ هێرشکرایە سەر فرۆکەخانەی عەربەت بەهۆیەوە نۆ کەس گیانیان لەدەستدا.[٤]

لە ١٣ نیسانی ٢٠٢٤ لە نزیک گوندی گەلاڵەی سەر بە قەزای ماوەت بەهۆی هێرشی درۆنییەوە کەسێک گیانی لەدەستدا.[٥]

لە ٢٣ ی ئابی ٢٠٢٤ لە سنوری قەزای سەیدسادق ئۆتۆمبیلێک کرایە ئامانج و تێیدا دوو ڕۆژنامە نووس گیانیان لەدەستدا.[٦]

لە چواری ئەیلولی ٢٠٢٤ هێرشکرایەسەر ئۆتۆمبیلێک و باوکێک و دوو کوڕی گیانیان لەدەستدا.[٧]

لە ٥پێنجی ئەیلولی ٢٠٢٤ لە نزیک گوندی هەرمێلەی سەربە ناحییەی زەلانی سەربە قەزای چوارتا فرۆکەی بێفرۆکەوان هێرشی گردە سەر ئۆتۆمبیلێک و سێ کەس گیانیان لەدەستدا کە یەکێکیان منداڵ بوو.[٨]

**سێیەم- کاریگەری هێرشە درۆنییەکان لەسەر نەرمە هێزی تورکیا لە سلێمانی**

هەموو وڵاتێک کە دەیەوێت نەرمە هێزی خۆی لە وڵات و ناوچەیەکدا بەهێز بکات هەوڵدەدات باشترین وێنەی خۆی بەخەڵک و دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە پیشان بدات. لەگەڵ ئەوەی تورکیا لەماوەی چەند دەیەی ڕابردودا هەوڵێکی زۆر بۆ فراوان کردن و بەهێزکردنی نەرمە

[١] سایتی قەڵەم ، https://tls.tc/E5zkG، بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\١٠\١٢.

[٢] لاوی محمد، ١٢ ئابی ٢٠٢٣، ئاسیا سێل ڕاگەیاندنێکی لە بارەی بۆردومانەکی پێنجوێن بڵاوکردەوە، سایتی خەڵک، https://tls.tc/tNZNE/بەرواری سەردان ٢٠٢٤\١٠\١٢.

[٣] محمد عمر، ٢٠٢٣\٩\١٢، بەهێرشی درۆن کەسێک گیانی لە دەستدا، سایتی ٩٦٤، https://tls.tc/se99Eبەرواری سەردان ، ٢٠٢٤\١٠\١٢.

[4] Türkiye Dış İşleri Bakanlığı Sitesi, https://tls.tc/lmT3U , Erişim Tarihhi, 2,10,2024.

[٥] هێمن بابان ڕەحیم، ٢٠٢٤\٤\١٤، لەماوەت گەنجێک بەهۆی بۆردومانی فرۆکەی جەنگییەوە کوژرا، سایتی ڕوداو، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1404202412-ampبەرواری سەردان ، ٢٠٢٤\١٠\١٢.

[6] MİT Sitesi, https://tls.tc/0lEcv , Erişim Tarihi , 2,10,2024.

[٧] وریا فەتاح، ٢٠٢٤\٩\١٤، سایتی ٩٦٤، لە خەلەکان درۆن ئۆتۆمبیلێکی بە ئامانجگرت و سێ کەس گیانیان لەدەستدا، https://tls.tc/uOTHa ، بەرواری سەردان ، ٢٠٢٤\١٠\١٢. ،

[٨] ، سایتی پەیام، https://tls.tc/DcVSP ،بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\١٠\١٢ ،

هێزی خۆی داوە لە هەرێمی کوردستان\ سنوری پارێزگای سلێمانی، بەڵام ئەم هەوڵانەی تورکیا ڕووبەڕوی چەندین ڕێگری و ئاڵنگاری بونەتەوە. کەوایان کردووە ئەو هەوڵانە ئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. گرنگترین ڕێگری و ئاڵنگاریش برتیبووە لە شەڕو پێکدادانەکانی نێوان سوپای تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان و کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی زیاتری خاکی هەرێمی کوردستان. واتە بەکاهێنانی هێزی ڕەق کاریگەری نەرێنی لەسەر نەرمە هێزی تورکیا هەبووە و لاوازی کردووە.

یەکێک لە ئاڵنگارییەکان بوون و هاتنەناوەوەی زیاتری سوپای تورکیایە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، کە بەپێی ئەو ڕاپرسییەی کە لە ڕێگەی گۆگڵ فۆرمەوە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٤\١١\١٥ کاتژمێر ١١:٥٣ سەر لە بەیانی بڵاوکراوەتەوە و لە ڕێککەوتی ٢٠٢٤\١١\١٧ کاتژمێر ٩:٠٠ شەو داخراوە، بوون و هاتنەناوەوەی زیاتری سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر ٦٧٪ و تاڕادەیەکیش کاریگەری نەرێنی لەسەر ٢٤،٨٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە هەبووە، هاوکات بوون و هاتنەناوەوەی زیاتری سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی کەمی لەسەر ٤،٩٪ و هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی نەبووە لەسەر ٣،٤٪ بەشداربووانی ڕاپرسییەکە.




یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکان، ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیایە لە سنوری پارێزگای سلێمانی، بەجۆرێک زۆربەی هێرشە درۆنییەکانی تورکیا لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، لە سنوری پارێزگای سلێمانی بووە. لەو هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی مەدەنی گیانیانلەدستدوە، گیانلەدەستدانی ئەو ژمارە زۆرە لە خەڵکی مەدەنی کە ژمارەیەکیان منداڵ بوون، کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر شێواندنی وێنەی تورکیا لە ناوچەکەدا. وەک لە ڕاپرسییەکەدا دەردەکەوێت، گیانلەدەستدانی منداڵان بەهۆی بۆردومانەکانەوە بووەتە هۆی شێواندنی وێنەی تورکیا لای ٧٩،٨٪ ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە.




هەر بەهۆی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، رووبەرێکی زۆری دارستان و زەوییە کشتوکاڵییەکان سوتاون، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر تێڕوانینی خەڵکی ناوچەکە لەسەر وێنەی تورکیا بووە.[1] لە ٨٢،٧٪ بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن سوتاندن و چۆڵبوونی گوندەکان بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیاوە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر تێڕوانینیان بۆ تورکیا.




[1] ئەمریکی، ٢٠٢٤\١٠\١٠. (CPT)چاوپێکەوتن لەگەڵ (کامەران عوسمان)، لئەندامی تیمی کوردستانی عێراقی ڕێکخراوی

## ئەنجام

یەکەم: وڵاتان لەم ساڵانەی دوایدا گرنگییەکی زۆریان بە نەرمە هێز و زیادکردنی سەرچاوەکانی نەرمە هێزی خۆیان داوە. ئەمەش دوای ئەو گرنگی و کاریگەرییەی نەرمە هێز لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا دروستی کرد.

دووەم: تورکیا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاکپارتیدا بەراورد بە پێشتر، لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، گرنگییەکی زیاتری بە بەکارهێنانی نەرمە هێز داوە لە سیاسەتی دەرەوەیدا.

سێیەم: تورکیا سەرچاوەیەکی مادی و مرۆیی گەورەی بۆ نەرمە هێزی خۆی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارێزگای سلێمانی بەکارهێناوە.

چوارەم: تورکیا لە بەکارهێنانی نەرمە هێزی خۆی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارێزگای سلێمانی، وەک چۆن ڕووبەڕووی کێشە، گرفت و ئاڵنگاری زۆر بووەتەوە، هەلی زۆریشی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی نەرمە هێزی خۆی لە سنورەکەدا ئاراستە بکات.

پێنجەم: یەکێک لە ئامراز و بنەما سەرەکییەکانی نەرمە هێزی تورکیا لە سنوری پارێزگای سلێمانی، بواری پەروەردە و خوێندن بووە. کە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە چڕی کاری لەسەر کردووە، ئەویش بە دوو ئاراستە: یەکەم کردنەوەی خوێندنگا تورکییەکان. دووەم ڕاکێشانی خوێندکارانی ئەم ناوچەیە بۆ زانکۆکانی تورکیا.

شەشەم: تورکیا لە ڕێگەی دراماکانەوە توانیویەتی مێژوو، جوگرافیا، سیاسەت و کەلتوری خۆی بە بینەرانی ئەم ناوچەیە بناسێنێت، کە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیارانی پارێزگای سلێمانی بووە بۆ خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوان دەکرێت دەرئەنجامەکانی نەرمە هێزی تورکیا لە ساڵانی داهاتوو زیاتر دەربکەوێت.

حەوتەم: هێرشە ئاسمانییەکان و هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا کاریگەری نەرێنی گەورەیان هەبووە لەسەر نەرمە هێزی تورکیا لە پارێزگای سلێمانی.

هەشتەم: سیاسەتی ئەمنی و سەربازی تورکیا کاریگەری نەرێنی گەورەی هەبووە لەسەر تێڕوانینی هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی بەرامبەر ئەو وڵاتە.

# سەرچاوەکان

**یەکەم/ کتێبەکان:**

**ا. کتێبە کوردییەکان:**

١- نیکۆلۆ میکیاڤیللی، میر، وەرگێر، حسین عارف، چاپی چوارەم، چاپخانەی کەنج، ٢٠١٥.

٢- برایان رێدهێد، ئەندێشەی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە بۆ ناتۆ، وەرگێر، فەرشید شەریفی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٦.

٣- کارێن أ. مینگست، ئیڤان م. ئارێگوین، بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێر، عومەر عەلی غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٤- ئیبراهیم خەلی ئەحمەد & خەلیل علی مراد، مێژووی ئێران و تورکیا، وەرگێڕ، بەهادین جەلال مستەفا، چاخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

٥- عیماد الزمیری، تورکیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕ، شاناز ڕەمزی هیرانی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٥.

**ب. کتێبە عەرەبییەکان:**

١- جوزيف س. ناي، القوة الناعمة وسيلة النجاح في السياسة الدولية، نقلة الى العربية، محمد توفيق البجيرمي، الطبعة العربية الاولى ، الرياض، ٢٠٠٧.

**پ. کتێبە تورکییەکان:**

1-Thomas Hobbes, LEVIATHAN, Çeviren, Semih Lim, 6. Baskı, Yapı Kredi Yayınları, İstanbul, 2007.

2-BİLAL KARABULUT, Uluslararası İlişkiler Kavramlar-Teoriler-Kurumlar, Barış Kitabevi, Ankara, 2016.

3-Ali Balcı, Türkye dış politikası İlkeler, Aktörler, Uygulamalar 3. Baskı, ALFA Yayınları, Istanbul, 2018.

4-Soyalp Tamçelik, Küresel Politikada Yükselen Afrıka, Gazi Kitabevi, Ankara, 2014, s. 376.

ERDAL ŞİMŞEK, Türkiye’nin Ortadoğu Politikası, Kumsaati Yayınları, İstanbul, 2005.

5-Baskın Oran, (Editör), Türk Dış Politikası Kuruluş Savaşından Bugüne Olgular, Belgeler, Yorumlar (Cilt 2 . 1980-2001), İletişim Yayınları, İstanbul, 2001

**ت. کتێبی ئینگلیزی**

1-Hans J. Morgenthau, POLITICS among NATIONS THE STRUGGLE FOR POWER AND PEACE, ALFRED A. KNOPE Publisher, New York, 1949.

**دووەم: ماستەرنامەکان**

**أ-ماستەرنامەی کوردی**

هەژان هێرش، دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی کەنجان لە

پارێزگای سلێمانی، زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢٢، نامەی ماستەر.

**ب: ماستەرنامەی تورکی**

1-Tuba ÇAVUŞ, Dış Politikada Yumuşak Güç Kullanımı Türk Dış Politikası, Sakarya Üniversitesi, Yüksek Lisans Tezi, 2012.

2-Gassim İbrahim, TÜRK DIŞ POLİTİKASINDA AFRİKA: TÜRKİYE-KAMERUN İLİŞKİLERİ ÖRNEĞİ, FATİH SULTAN MEHMET VAKIF ÜNİVERSİTESİ SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ TARİH ANABİLİM DALI, Yüksek Lisans tezi, 2016.

3-Hikmet Mengüaslan, TÜRK DIŞ POLİTİKASINDA ROL VE ÇATIŞMA: AKP DÖNEMİ ORTADOĞU POLİTİKASI ÜZERİNE BİR İNCELEME, ADNAN MENDERES ÜNİVERSİTESİ, Yüksek Lisans Tezi, 2016.

4-Onur GÜVEN, DIŞ POLİTİKADA YUMUŞAK GÜÇ VE KAMU DİPLOMASİSİ: TÜRKİYE ÖRNEĞİ, NEVŞEHİR HACI BEKTAŞ VALİ ÜNİVERSİTESİ, Yüksek Lisans Tezi, 2020.

5- Gassim İbrahim, TÜRK DIŞ POLİTİKASINDA AFRİKA: TÜRKİYE-KAMERUN İLİŞKİLERİ ÖRNEĞİ, FATİH SULTAN MEHMET VAKIF ÜNİVERSİTESİ SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ TARİH ANABİLİM DALI, Yüksek Lisans tezi, 2016.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

**أ. گۆڤارە تورکییەکان**

1-Arda Görkem Yatağan, SERT GÜÇ UNSURLARININ YUMUŞAK GÜÇ ARACI OLARAK ETKİLERİ. Kara Harp Okulu Bilim Dergisi, Cilt 28, Sayı(2), 2018.

2-Kürşad Emrah YILDIRIM & Ali YIŞDIRIM, TÜRKİYE’NİN YUMUŞAK GÜÇ SEMBOLLERİNDEN TÜRK İŞBİRLİĞİ KOORDİNASYON AJANSI VE YURTDIŞI TÜRKLER VE AKRABA TOPLULUKLAR BAŞKANLIĞI’NA GENEL BAKIŞ. Karadeniz Uluslararası Bilimsel Dergi, Cilt 33, Sayı (33), 2017.

3-Elif Merve DUMANKAYA, Uluslararası İlişkiler ve Güç Kavramı, TREND ANALİZİ, 2019, İstanbul.

4-Emirhan KAYA, Dış Politika Değişimi:AKP Dönemi Türk Dış Politikası, Karadeniz Sosyal Bilimler Dergisi Cilt 7, Sayı 12, 2015.

8-Abdulhaluk ÇAY, Türk kÜltürü ve Kaynakları, . (2014). Türk Kültürü ve Kaynakları. Ondokuz Mayis University Journal of Education Faculty, Cilt 1, Sayı 1, 2014.

9-Sait YILMAZ, Yumuşak Güç ve Evrimi, YIL, TURAN S TRATE J İK ARAŞ TIRMALAR MER KEZİ DERGİ S İ, Cilt 3, Sayı 12, 2011.

10-Gökhan KÖMÜR, Yumuşak Güç Unsuru Olarak Kamu Diplomasisi, İnternational Journal Of Politics and Security (IJPS), Cilt 2, Say 3, 2020.

11-Mesut doğan, Türkiye’nin jeopolitiği, Uluslararası Yönetim Akademisi Dergisi, Cilt 5, Sayı 2, 2022.

14-Talha KÖSE, Türkiye’nin Kuzey Afrika ve Ortadoğu Bölgesindeki Gücü: Zorlayıcı Olmayan Gücün İmkân ve Sınırları, Uluslararası İlişkiler, Uluslararası İlişkiler Dergisi, Cilt 11, Sayı 41, 2014.

**ب. گۆڤاری ئینگلیزی:**

1-Fuat Keyman, Globalization, Modernity and DemocracyTurkish Foreign Policy 2009

and Beyond, Journal of International Affairs, Volume 15, Number 2, 2010.

**چوارەم: ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان**

1- Meliha Benli Altunisik, 26,12,2022, Uluslararası İlişkilerde Türkiye’nin Yumuşak Gücü, https://www.uikpanorama.com/blog/2022/12/26/mba/, Erişim Tarihi, 22,12,2023.
2- İbrahim Kalın, Kamu Diplomasisi için mola, Sabah Sitesi, 27 Mart 2010, https://l24.im/D0vNEi, Erişim Tarihi,،23\12\2023.
٣- ئەو وڵاتانەی کە عوسمانییەکان دەستیان بەسەردا گرتووە،https://l24.im/aiPlTp0 ڕێکەوتی سەردان، ٢٠٢٣\١٢\٢٢،
4- Ömer Faruk Doğan, 13,9,2024, Türkiye'nin BRICS'e üyelik başvurusu nasıl değerlendirilmeli?, Anadolu Ajansı Sitesi, https://l24.im/N7IUyzY , Erişim Tarihi, 2,10,2024.
5- Sema Kalaycıoğlu, Türkiye’nin Yumuşak ve Sertleşen Gücü, Türk Asya Stratijik Araştırma Merkezi, Yayın Tarihi, 2011, https://l24.im/p5Co9S2 ,Erişim Tarihi, 22,12,2023.
6- Avrupa Birliği Komisyonu, Avrupa Parlamentosuna, Konseye, Avrupa Ekonomik ve Sosyal Komitesine ve Bölgeler Komitesine Sunulan Komisyon Bilgilendirmesi Brüksel , Yayin Tarihi, 8. 11. 2023, https://l24.im/uN8O0Pj ,Erişim Tarihi, 5,2,2024,
7- TİKA Sitesi, ٤\١١\٢٠٢٤، https://l24.im/Dn43x , Erişim Tarihi, 4,1,2024.
8- Kizilay Sitesi, https://l24.im/lr4Vn9 , Erişim Tarihi, 5,1,2024.
9- Yunus emre Sitesi, https://l24.im/ovqip , Erişim Tarihi, 5,1,2024.
10- Afad Sitesi, https://l24.im/SYe2v0, Erişim Tarihi, 5,1,2024.
11- Ytb Sitesi, https://l24.im/0vjQRH , Erişim Tarihi, 5,1,2024.
12- TİKA Sitesi, TİKA'nın Kuzey Irak'ta İnsani Yardım Faaliyetleri Devam Ediyor, Yayın Tarihi, 1\10\2014, https://l24.im/PLKCY,Erişim Tarihi, 4,1,2024. ve TRT Haber Sitesi, TİKA aracılığıyla Irak'ın tüm kesimlerine yardım götürüldü, Yayin Tarihi, 12\4\2018, https://l24.im/cYnJ , Erişim Tarihi, 4,1,2024.
13- Yunus Keleş, Türk Kızılayı'ndan Süleymaniye'deki depremzedelere yardım, Anadol Ajansı Sitesi, 17\11\2017, https://l24.im/hwZ,Erişim Tarihi, 15,5,2024.
14- TRT Haber Sitesi, Kızılay’ın Irak’taki Faaliyetleri Sürüyor, Yayın Tarihi, 21\5\2015, https://l24.im/PmWcY ,Erişim Tarihi, 15,5,2024.
15- Kızılay Sitesi, Türk Kızılayı Irak’ta İkinci Ofisi Açtı, Yayın Tarihi, 26\10\2015, https://l24.im/74Rfg, Erişim Tarihi, 15,5,2024.
16- AGE Sitesi, https://shorturl.at/xjKuw , Erişim Tarihi, 5,6,2024.
17- BBC NEWS TÜRKÇE Sitesi, Türkiye'den Süleymaniye'ye ve Erbil'e bütün uçuşlar iptal edildi, https://shorturl.at/Twljm , Erişim Tarihi, 25,6,2024.
18- Türkiye Dış İşleri Bakanlığı Sitesi, 6 Nisan 2023, https://shorturl.at/0gWa7 , Erişim Tarihi, 5,8,2024.
19- Anadolu Ajansı Sitesi, https://l24.im/1xA2abN, Erişim tarihi, 26,9,2024. Ve Sertaç Akson, 3,3,2020, Türkiye’nin Gökyüzündeki Başarı İmzası; Yerli İHA ve SİHA’lar, TRT

haber sitesi, https://l24.im/isvEL, Erişim Tarihi, 26,9,2024.
20- TÜRK HAVA KURUMU Sitesi, https://tls.tc/46lt0 , Erişim Tarihi, 26,9,2024.
21- NTV sitesi, https://tls.tc/h0Jv3 , erişim Tarihi, 2,10,2024.
22- Türkiye Dış İşleri Bakanlığı Sitesi, https://tls.tc/lmT3U , Erişim Tarihhi, 2,10,2024.
٢٣- سایتی دەنگی ئەمریکا، https://tls.tc/9DuHF٢٠٢٤\١٠\١٢،بەرواری سەردان،
٢٤- ڕاپۆرتی تیمی کوردستانی عێراقی ڕێکخراوی سی پی تی قوربانییانی مەدەنی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران لە باکوری ،عێراق کانوونی دووەمی ١٩٩١- حوزەیرانی ئابی ٢٠٢٤ Kurdish+-+Civilian+Casualty+Report+-+No+names+-+compressed.pdf بەرواری سەردان ٢٠٢٤\١٠\١٢.،
٢٥- سایتی وێستگە نیوز، https://tls.tc/13P8N ، بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\١٠\١٢.،
٢٦- سایتی قەڵەم ، https://tls.tc/E5zkG ، بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\١٠\١٢.،
٢٧- لاوی محمد، ١٢ ئابی ٢٠٢٣، ئاسیا سیڵ ڕاگەیاندنێکی لە بارەی بۆردومانەکی پێنجوێن بڵاوکردەوە، سایتی خەڵک، https://tls.tc/tNZNE/بەرواری سەردان ٢٠٢٤\١٠\١٢.،
٢٨- محمد عمر، ٢٠٢٣\٩\١٢، بەهێرشی درۆن کەسێک گیانی لە دەستدا، سایتی ٩٦٤، https://tls.tc/se99E بەرواری سەردان ، ٢٠٢٤\١٠\١٢.،
٢٩- هێمن بابان ڕەحیم، ٢٠٢٤\٤\١٤، لەماوەت گەنجێک بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەی جەنگییەوە کوژرا، سایتی ڕوداو، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1404202412-ampبەرواری سەردان ، ٢٠٢٤\١٠\١٢.،
٣٠- وریا فەتاح، ٢٠٢٤\٩\١٤، سایتی ٩٦٤، لە خەلەکان درۆن ئۆتۆمبیلێکی بە ئامانجگرت و سێ کەس گیانیان لەدەستدا، https://tls.tc/uOTHa ، بەرواری سەردان ، ٢٠٢٤\١٠\١٢. ،
٣١- https://tls.tc/DcVSP ،بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\١٠\١٢ ،

**پێنجەم: چاوپێکەوتن**

1- چاوپێکەوتن و سەردانی کردنی توێژەران بۆ وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠٢٤\٢\١٣.
2- چاوپێکەوتن و سەردانیکردنی توێژەران بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤\٢\٢٠.
3- چاوپێکەوتن و سەردانیکردنی توێژەران بۆ تەلەڤیزیۆنی کوردماکس، ٢٠٢٤\٥\١٥.
4- چاوپێکەوتن و سەردانیکردنی توێژەران بۆ تەلەڤیزیۆنی ئێن ئارتی،٢٠٢٤\٦\٢٥.
5- چاوپێکەوتن و سەردانیکردنی توێژەران بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، ٢٠٢٤\٢\٢٧.
6- ئەمریکی، ٢٠٢٤\١٠\١٠. **(CPT)** چاوپێکەوتن لەگەڵ (کامەران عوسمان)، لەئەندامی تیمی کوردستانی عێراقی ڕێکخراوی.